www.kurdistannet.org
10-11-2005 20:16بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## پێشبرکێی کوردستان نێت بۆ کورتەچیرۆک لە 7-11 تاکو 11-11-2005

### لێمگەڕێن با تەنها بم ... زانا

سەرەتای پایزە و ڕۆژێکی سارد و ئاسمانێکی خۆڵەمێشی نەک چواردەوری جەستەم بەڵکو دڵیشمی گرتووە. هەرلە سەرلەبەیانی ئەم ڕۆژە دڵهەژێنەوە من هەستم کرد کە ڕوداوێک ڕیگای خۆشی ئەم ڕۆژەم لێدەگرێت. دڵم پەلەپەلی دکرد و لەوەش سەیرتر بەدەم خۆوە گۆرانیم نەوت. قژکاڵی لێو ئاڵ ئەم بەیانییە زارمی بە گۆ نەخست و بێدەنگیی دەوری گرتبووم. ڕەوشتی ئەمرۆی خۆمم پێ سەیرە و نیگەرانی کردووم.

دژ بەو هەستە نەوازە وەک ڕۆژانی تر دەستم دایە جانتا ڕەشەکەم و تاوێک لە بەردەم ئاوێنەکەی نزیک دەرگای دەرەوە تەماشای خۆمم کرد. لەیەک جار زیدەتر تەماشای خۆم نەکرد، من لە خۆم دەچم و لە چاو ڕۆژانی تر نەگۆڕڕاوم، لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام بە دەم خۆوە ئەدوام، بۆ هەستم هێندە شێواوە؟ تۆ بڵێیت لەبەر ئەوە بێت بە ساڵاچووم و بەهەستیش لە ناکاودا پیر بوبێتم. نیگایەکی تری ئاوێنەکەم کرد و لە لاجانگی خۆم وردبوومەوە و سپیتاڵەکانی پێشترم ناسێوە. ئەگەرچی هەڵاوێکی گەرمم بە ئاوێنەکەدا کرد و بە چمکی کراسەکەم سڕیم کەچی هێشتا وێنەیەکی ناجۆرم دبینی ولەوەش زیاتر دڵم پەلەی پێکەوت.

سەیرتر ئەوەیە کە لە ئاوێنەکەدا تەنها وێنەی خۆمم بەدی نەکرد بەڵکو سێبەرێکی تەڵخ بەرچاومی گرتبوو. تۆ بڵێت تەنهایی و بێ دەنگی لە خشتەی بردبێتم و ئاگام بە خۆوە نەمابێت؟ من بەدرێژایی ئەم بیستساڵەی ڕابوردوو لەگەڵ ژوورە گجکۆڵەکەمدا بوومتە برا و هاوڕێ و یەکجەستە وهەردەم وەک خۆم بووم.

خەسڵەتەکانی ژیانم بە پەنجەی دەست دەبژێردران و کردارەکانم دەتگووت لە کەناری دەستارِ خۆیان گرتووە و جۆراوجۆر نەبوون. لە تاقی ئێوارێ و هەر پێش ئەوەی دەست لە کار هەڵگرم بیری ژورەکەم دەکرد، هێندە لە گوڵی تەختی دیوارەکان ورد ببوومەوە تەنانەت ژمارەکانیشیانم لە بەرکردبوو. پەردەو کومبار و چرایماڵەکەم لە هەموو شتێکی تر لابەسۆزتر بوو. هەر لەگەڵ گەشتنم بە ژووری ئارام و بێدەنگیم وینەی کەرەسە و ماشین و بۆنی کارگە تامەزرۆی سبەڕۆژی کاری دەکردمەوە. من هیچ کات کەسم بە کەسی خۆم نەدەزانی و هەرگیز لەگەڵ خۆم ناکۆک نەبووم، تەنها کەس متنانەم پێکردبێت کە داخوازێکانم دواناخات دوکانەرەکەی سەرسووچی لای ئێستاگاکەی ژێر ماڵی خۆمە و لەو ڕێگەیەش زیاتر ڕێگەیەکی ترم پێ دڵنیا نەبوو.

هەموو ڕۆژێک پاش ئێوارە کراس و پانتۆڵەکەم قەد دەکرد و پێڵاوەکانم لای یەکەوە لە هەمان شوێنی رۆژی پێشتر جووت دەکرد. کوڵە پەرداخە شینەکەم لە دەرکی یەکەمی دۆڵاب وەک هەمیشە دادەگرت و پڕ ئاوم دەکردو لە ژوور سەرم دادەنا.

لە دەنگی بێژەری کەناڵی مۆسیکی کلاسیک لە ڕادوێکەم بەولاوە دەنگی کەسی تر بەگوێم نەدەکەوت. ڕاستیەکەی نەشم دەویست گوێ بیستی کەسی تر بم. من لە ژیانی خۆم ڕازی بووم و پادشا و خەمخۆری خۆم بووم. شەوانە تاوێک لە سووچی پەنجەرەکەمەوە نیگایەکی سەر شەقامەکەم دەکرد نەک لەبەر ئەوەی تامەزرۆی پیاسەی بم بەڵکوو بۆ دڵنیایی لە نەگۆڕی. پێخەفەکەم ئارمیی پێدەبەخشیم، ئاواتەکانم یەک ڕۆژ بڕی دەکرد. نە من سەیر و بژۆکم و نە ژیانیشم بێ وێنەیە، جەند جارێک سەرم لەوە سوڕمابوو کە هاوکارەکانم باسی ژیانی خۆیان بەسەردم دەکرد و قۆناغیان لێ جودا دەکردەوە، بۆ من هەموو ژیان وەک یەک

بوو، گۆڕڕانکاری تەنها پێڵووی چاوم درکی پێ دەکرد. ئەوی دوێنێی لە ئەمڕۆو سبەی و هەفتەی ئاینده لەیەک دیاریدەکرد تەنها سیمای خەڵکی سەر شەقامەکان و ڕەنگی جیاوازی ئوتومبێلەکان بوون کە بەلاما تێدەپەڕین.

هەموو ئەم نەریتانەم کەلە چەند دێرێکدا جیگیربوون سەرتاپا لێ تێکچوو، وەک دوێنێ و پازدە و پەنجا هەفتە لەمەوبەر هێمن و بێ غەم نیم. لە خۆم پرسی ئایە هۆی چیبێت لە ناکاو مرۆیەکی تر لە ناوەخنم پەیدابووە؟ بۆ کاسەی سەرم توندە و ئارەقە نێوچاوانم بەرنادا، بۆ لەرزە بە پەنجەم کەوتووە و هەناسەسوار بووم. ئەوەی شەوی ڕابووردو من لە ڕێ بەرەو ماڵ بەدیم کرد ژیانمی خستە هاوکێشەیەکی تازەوە، هەتا ئەو کاتەی مانای ژین لای من یەک واتا و یەک ڕەنگ بوو، هەموو شتێکی دەور و بەرم یەکڕەنگ و یەکدیو بەدیدەکرد. ئەگەر ئەو پیرێژنە پەککەوتەیەم تووش نەهاتایە و لە بری سوپاس هاواری بەسەرمدا نەکردایە، ئەوا منیش هەتاوەکوو ئەمڕۆش بەردەوام پێم وائەبوو کە جیهانەکانمان لەیەک دوور و جودان. بە ژیانی خۆشمدا نەدەچوومەوەو و بەزەڕەبینیش بەدوای کەم و کورتێکانی ژیانمدا نەدەگەڕام. منێکی تاک و تەنها و خۆبژێن زیانم چیە بۆ دەور و بەر!! خۆ من بگرە نەک بارم بەسەر کەسەوە نیە بەڵکوو ڕێگەم لە باری کەسی دیکەش نەگرتووە.

بۆ دەبێت ئەو پیرێژنە کۆماوە لە دەور و بەر بێ ئاگا، بە گژ منێکی بێ کوناح و بیکەسا بچێت؟ ئەو تەنها لەوە زویر بوو کە من دەستی یارمەتیم بۆ راکێشا و کەچی دەدگووت دەستم لە بینی ناوە.

وتی گوایە من بوومەتە هۆی هەژاری و بێچارەسەری ئەو، منێکی بێ وەی بوومەتە هۆکاری بێ ئارامی ژیان بۆ ئەو، خۆ تەنها لەبەر ئەوەی لە سەر خاکی وڵاتەکەی ئەو دەژیم هەوای هەناسەکەی لەگەڵدا بەش ناکەم. بەڵام تۆ بڵێیت ڕاست بکات؟ تۆ بڵێیت بۆ ئەو من ئامرازێکی ناهەمواری بم؟ منێک کە خۆم تەنانەت بە بەشێک نەدەزانی لە هۆکاری گۆڕڕانکاری ئەم جیهانەدا ئێستا پێم دەوترێت هەراسانکەر و جێگر و بێکەڵک، بەڵام ئەوەی لای پیرێژن نادیارە خەم و ئازەرەکانمن کە لە دێرین ساڵەوە لە چاڵی بیرەوەریم نابوون ئەوەتا ئەو ئێستا هەژاندی و ژینی پێدا هێنایەوە. هەموو ئەو شتانەی لای من ببونە ئەفسانە هەر لە هیوا و دوارۆژ و ئامانجی ژیانێکی باشتر و هتد. . . . ئەمڕۆ پیرێژن زیندوویکردەوە و بەوەش بردمێوە قۆناغێکی بەسەرچوو. گەلێک لە ژینی دوور لەوەم ڕازی بووم، بریا حەز و ئاواتەکانم هەر وەک ڕابوردوو خامۆش بوایە. من مرۆڤ تەنگی پێهەڵچنێم و تەنها لە مرۆڤ سڵم دەکردەوە. بۆیە بڕیارمدا تەنها بم. . . بۆی بێ غەم بم غەمی کەس نەخۆم، گوێ بۆ هاواری کەس شل نەکەم تاوەکو لە هاوار لە خۆشم نەیەت. نەخێر پیرێژن من جێگر نیم و کەسم بە تەنهابوونی خۆم جاڕس نەکردووە، وەلێ ڕاستەئەکەیت کە من بێ کەڵکم. . . ئەشێ بۆ تۆ کەڵکم نەبێت بەڵام بێ زیانیشم. من حەز و ئارەزووەکانی تۆ ناخوێنمەوە و لە چیرۆکەکەی تۆش بێ ئاگام. هەستەکانی تۆ بە زمانێکی بێگانە نووسراونەتەوە دڵ و مێشکی من جێگەی غەمێکی تری تێدانەماوە. جێمهێڵە و ئاوڕم لێمەدەرەوە، با لە تەنهای خۆمدا بنێژرێم.

لێمگەڕێ پیرێژن با تەنها بم، دووربە لێم و مەمدوێنە با غەمەکام نەخوێنیتەوە و نەکەویتە گێژاوی ژینمەوە. بهێلە بۆ دواجار ئەو کاسەیەی سەرم بۆ تەنهایی خۆم بنێمەوە.

زانا

ستۆکهۆڵم/ پایزی 2005